# HITEX. 2026

## دەربارەی هایتێکس



6 تا 9ـی أۆکتۆبەری 2026

# دەربارەی هایتێکسی 2026

هایتێکسی 2026 حەوتەمین خولی پێشانگای هایتێکسە، گەورەترین پێشانگای تەکنەلۆژیایە لە سەرتاسەری عێراق و لە ڕیزبەندی پێنجەم گەورەترین پێشانگای تەکنەلۆژیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم پێشانگایە دەبێتە سەنتەری کۆبوونەوەی کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا، دامەزراوە حکومییەکان، خاوەن بزنسە بچووکەکان، وەبەرهێنەران، کەسانی سەرکەوتوو و قوتابیان و خەڵک بەگشتی، چوار ڕۆژ پڕ لە داهێنانی تەکنەلۆژی، ژینگەی کار، فراوانکردنی پەیوەندییەکان و ئەزموونی نوێ. هایتێکسی 2026 لە ڕێکەوتی 6 تا 9ی مانگی 10 ی 2026 لە شاری هەولێر بەڕێوەدەچێت.



# هایتێکس؛ زیاتر لە پێشانگایەک

- هایتێکس پلاتفۆرمێکی گشتگیری تەکنەلۆژیایە کە جموجۆڵی بازاڕ زیاد دەکات و هەولێر دەکاتە سەنتەری هێنانی کۆمپانیا بیانییەکانی بواری تەکنەلۆژیا بۆ عێراق.

- ساڵانە بە سەدان هەلی کار بۆ سەردانیکاران دەڕەخسێنێت، کە دەتوانن لە نزیکەوە چاویان بە بڕیاردەرانی کۆمپانیاکان بکەوێت، وەک بەڕێوەبەر، جێگر و کەسانی بەرپرس.

- هەلی وەبەرهێنان بۆ بزنسە بچووکەکان زیاد دەکات، چونکە ساڵانە بە دەیان و سەدان وەبەرهێنەر سەردانی هایتێکس دەکەن و لە نزیکەوە چاویان بە خاوەن بزنسە بچووکەکان دەکەوێت.

- دەبێتە خاڵی بەیەکگەیشتنی کۆمپانیاکان، لایەنەکانی حکوومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بە تەکنەلۆژیاوە، کە هەلی پەیوەندیکردنیان لە نزیکەوە بۆ دەڕەخسێنێت و چەندان یاداشتی لێکتێگەیشتنی تێدا واژوو دەکرێت.

- کۆنفرانسی هایتێکس دەتوانێت ئاستی هۆشیاری لە کۆمەڵگەدا بەرز بکاتەوە، ئەویش بە باسکردنی نوێترین پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە جیهانییەکان و ئاشناکردنی ناوچەکە بەو بابەتانە.



# ئامارە بەرچاوەکان

- گەورەترین پلاتفۆرم و پێشانگا و کۆنفرانسە لە کوردستان و عێراق بۆ تەکنەلۆژیا.
- هایتێکسی 2026 حەوتەمین خولی پێشانگاکەیە.
- لە ڕیزبەندی پێنجەم گەورەترین پێشانگای تەکنەلۆژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.
- هایتێکسی ئەمساڵ بە بەشداری 15 وڵات بەڕێوەدەچێت.
- پێشبینی دەکرێت زیاتر لە 50,000 سەردانیکار ئامادەی پێشانگاکە بن.
- بۆ ئەمساڵ سەرووی 150 کۆمپانیای ناوخۆی و بیانی تێیدا بەشدارن.
- زیاتر لە 30 بزنسی چالاکی بچووک بە جیا لە زۆنی بزنسە بچووکەکان بەشدارن.
- دەروازەیەکە بۆ کۆمپانیا جیهانییەکان بۆ پەیوەندیکردنیان و دەستگەیشتنیان بە بازاڕی کوردستان و عێراق.



# پێشانگای هایتێکس

پێشانگا سەرەکییەکە کۆمپانیا تەکنەلۆژییە ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لە یەک شوێندا کۆدەکاتەوە، تا نوێترین بەرهەم، خزمەتگوزاری، چارەسەر و داهێنانەکانیان بخەنە ڕوو. ئەم پێشانگایە دەروازەیەکە بۆ کۆمپانیاکان بۆ پەیوەندیکردنیان و دەستگەیشتنیان بە بزنسەکانی تر، نوێنەرانی حکومەت، بڕیاردەران، کەسانی بەهرەمەند و دەیان هەزار سەردانیکاری پێشانگاکە.

# کۆنفرانسی هایتێکس

کۆنفرانسی هایتێکس یەکێکە لە پێشەنگترین کۆنفرانسە تەکنەلۆژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە خولەکانی ڕابردوودا، میوانداری زیاتر لە 200 سپیکەر و زیاتر لە 50 پانێڵ و دانیشتنی کردووە، کە تێیدا سەرکردەکانی بواری تەکنەلۆژیا، بەرپرسانی حکومی، خاوەنکاران، وەبەرهێنەران، ئەکادیمییەکان و شارەزایانی نێودەوڵەتی لەسەر یەک سەکۆ کۆکردووەتەوە.

بۆ ئەمساڵ لە ماوەی 3 ڕۆژ هەر ڕۆژێک بە بابەتێکی پەیوەست بە تەکنەلۆژیا کۆنفرانس دەکرێتەوە، وەک ئابوری دیجیتاڵی و تەکنەلۆژیا و ژیری دەستکرد و دروستکردنی ناوەڕۆک.






- گەورەترین کۆنفرانسی زانستی و پراکتیکیە لە هەموو عێراق و هەرێمی کوردستان.
- یەکێکە لە گەورەترین کۆنفرانسە تەکنەلۆژیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- سەکۆیەکە بۆ گەیاندنی هۆشیاری تەکنەلۆژی، ئابوری و ژیری دەستکرد.
- بۆ ئەمساڵ کۆنفرانسی هایتێکس 3 ڕۆژ دەبێت. 7 و 8 و 9 ی مانگی 10.
- ڕۆژی دەستپێکردنی کۆنفرانس ڕۆژی 7 ی مانگە.
- لە کاتژمێر 2 ی دوای نیوەڕۆ تاک و 6 ی ئێوارە پانێلەکان بەردەوام دەبن.
- لە هۆڵی کۆنفرانسی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بەڕێوەدەچێت.



# بزنسە بچووکەکانی هایتێکس

ئـەم بەشە بە تـەواوی تەرخانکـراوە بـۆ پشـتیوانیکردن و بەرەوپێشبردنـی ژینگـەی بزنسـە بچووکـەکان لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان. تـا ئێسـتا زیاتـر لـە 300 بزنسـی بچـووک بەشـدارییان کـردووە و پشـتیوانی گـەورەی دارایـی کـە بڕەکـەی زیاتـر لـە 300 ملیـۆن دینـاری عێراقییـە، وەک فەنـد و خـەڵات بەخشراوەتـە بـراوەکان. ئـەم پرۆگرامـە دەرفەتێکـی زێڕیـن بـۆ بزنسـە بچووکـەکان دەرەخسـێنێت تـا پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ وەبەرهێنـەران، کۆمپانیـاکان، مێنتـۆرەکان و هاوبەشـە چاوەڕوانکراوەکانیان دروست بکەن.

بـۆ ئەمساڵیش 26 بزنسـی چالاکـی بچـووک بەشـداریان کـردووە و سـتاندیان وەک و پاڵپشـتی پێـدراوە لـە لایەن پێشانگای هایتێکس.

# زۆنە تایبەتەکان

هایتێکسی 2026 چەندین ئەزموونی تایبەت و جیاکەرەوە لەخۆدەگرێت:

- ئاپ زۆن (App Zone): ناوچەیەکی تایبەتە بە ئەپلیکەیشنەکان، پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، بەرهەمەکانی سۆفتوێر، ئەپەکانی گەیمینگ و ئەو بزنسانەی لەسەر بنەمای ئەپڵیکەیشن کاردەکەن.
- گەیمینگ زۆن (Gaming Zone): تایبەتە بە جیهانی گەیمینگ، وەرزشی ئەلیکترۆنی (E-sports)، چەندان پێشبڕکێی گشتی لە یاریە ئەلیکترۆنیەکان وەک فیفا و یاریەکانی تر.
- - زۆنی دەرەوە (Outdoor Zone): ئەم زۆنە دەکەوێتە دەرەوەی هۆڵی سەرەکی پێشانگا، کە تیایدا کەشێکی تایبەت بە دانیشتن و دیداری بازرگانی فەراهەم کراوە بۆ کۆمپانیا و سەردانیکاران.

# جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی
# هایتێکسی 2026

- لە ڕیزبەندی پێنجەم گەورەترین پێشانگای تەکنەلۆژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.
- گەورەترین پلاتفۆرم و پێشانگا و کۆنفرانسە لە کوردستان و عێراق بۆ تەکنەلۆژیا.
- دەروازەیەکە بۆ کۆمپانیا جیهانییەکان بۆ پەیوەندیکردنیان و دەستگەیشتینیان بە بازاڕی کوردستان و عێراق.
- چەندان ڕۆبۆتی پێشکەوتووی لە شێوەی مرۆڤی تێدایە.
- چەندان تەکنەلۆژیای نوێی وەک درۆنی ئاگر کوژێنەوە، درۆنی مین هەڵگرتنەوە، تەکنەلۆژیای ژیری دەستکرد، چەندان بەرهەمی کۆمپانیا ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی تێدایە.
- بانک و وۆڵێتەکان هەر لە ناو هایتێکس هەژماری بانکی بۆ سەردانیکاران دەکەنەوە و هەر لەوێ ماستەر یان ڤیزا کاردەکەیان وەردەگرنەوە.
- بۆ یەکەم جار خەڵاتی ئۆتۆمبێل، زێڕ، زیو، کرێدیتی جزدانی دیجیتاڵی زیاتر لە 20 ملیۆن دینار و زیاتر لە 5 مۆبایلی ئایفۆن 18 دەکرێنە خەڵات بۆ سەردانیکاران.
- بۆ ئەمساڵ ژمارەی کۆمپانیا بەشداربووەکان سەرووی 150 کۆمپانیایە لەگەڵ 26 بزنسی چالاکی بچووک.
- هایتێکسی ئەمساڵ بە بەشداری زیاتر لە 15 وڵات بەڕێوەدەچێت.
- چەندان نوێگەری تەکنەلۆژی بەدی دەکرێ لە ژیری دەستکرد، تێلیکۆم، بازاڕی دیجیتاڵی، سۆلار پاوەر چەندان بواری تری تەکنەلۆژیا.
- پێشبینی دەکرێ زیاتر لە 45 هەزار کەس سەردانیکار لەو 4 ڕۆژە سەردانی هایتێکس بکا.












بۆ دەسکەوتنی زانیاری تەواو لەسەر هەر بەشێک دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن.

بەشی کۆمپانیا بەشداربووەکان
0750 300 1817 - 0750 012 0004

بەشی بزنسە بچووکەکان
0750 181 6655

بەشی کۆنفرانس
0751 466 3812

www.hitex.tech exhibit@hitex.tech sales@hitex.tech